# ڕاگەیاندنی کۆتایی پلۆنۆمی پێنجەمی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، لە ڕۆژانی نیوەی دووهەمی گەلاوێژی ئەمساڵدا کۆبوونەوەی گشتیی خۆی بەڕێوە برد. پێنجەمین کۆبوونەوەی گشتیی (پلۆنۆم)ی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دەیەم، بە بەشداریی زیاتر لە دوو لەسەر سێی کۆی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی و بە دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم و بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد، دەستی پێکرد.
لەم کۆبوونەوەیەدا کۆمەڵێك بابەتی گرینگی سیاسی و تەشکیلاتیی بەردەم کۆمەڵە و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد و هەروەها بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە ئێران، کەوتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و بڕیاردان. لەوانە بابەتە سەرەکیەکانی پلۆنۆمی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بریتی بوون لە:

١ - هەلومەرجی سیاسیی ئێران یەکێك لە بابەتەکانی کۆبوونەوەی پلۆنۆمی پێنجەم بوو کە تێیدا بەتایبەت سیاسەتی ئێمە لە هەمبەر پێکهێنانی بەرە و یان ڕێکەوتنێکی سەرتاسەری کەوتە بەر باس و تاوتوێ کرا. لەم باسەدا، سیاسەتی ئێمە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی بەرینی دیموکراسیخوازی لە ئێران تاوتوێ کرا و لەسەر گرینگیی هەوڵ بۆ پێکهێنانی وەها یەکێتیەك لەگەڵ هەموو هێزە پێشکەوتنخواز و دیموکرات و ئازادیخوازەکانی ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆ و دەرەوەی ئێران جەخت کرایەوە. هەروەها مەسەلەی نەتەوەکانی ئێران و دەوریان لە داهاتوی دیموکراسی لە ناو وڵاتدا و هەروەها ئەمڕۆ لە پێکهێنانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی پێشکەوتنخوازانە لە دژی کۆماری ئیسلامی، کەوتە بەر باس و توێژینەوە و لەم پێوەندەدا ڕۆڵی "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ" و پێویستیی کارلێکەریی کۆمەڵە بە مەبەستی پتەوکردنی ڕۆحی هاوپشتیی نێوان هەموو نەتەوەکان و خەڵکی ئێران بەگشتی، بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی پێداگریی لەسەر کرا.

٢ - ڕاپۆرتی چالاکیی وەفدی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە لە ئامریکا و ئورووپا، یەکێکیتر لە باسەکانی کۆبوونەوە بوو کە تێیدا چاوپێکەوتن و چالاکیەکانی ئەم وەفدە، سیاسەتی سەرەکیی ئێمە لە هەمبەر دۆخی جیهانیی کۆماری ئیسلامی و پرەنسیپەکانمان لە مەیدانی پێوەندیە نێونەتەوەییەکاندا، باسی لێکرا و کۆدەنگیی گشتیی پلۆنۆمی لێکەوتەوە.

٣ - حیزبە سیاسیەکانی کوردستان و سیاسەتمان لە بەرامبەریاندا، یەکێکیتر لە باسەکانی کۆبوونەوەی پێنجەمین پلۆنۆمی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بوو کە وێڕای لێکدانەوەی ئەگەرەکانی گۆڕانکاریی سیاسی لە داهاتووی کوردستان، لەسەر پێویستیی دیالۆگ و هاوکاریی نێوان حیزب و هێزە کوردستانیەکان بە مەبەستی پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی بۆ خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی، بارودۆخی هەر کام لە حیزبە سیاسیەکانی کوردستان لەمبارەیەوە، دەوری ئەوان لە بزووتنەوەی کوردستان و گۆڕانکاریەکاندا تاوتوێ کرا و سیاسەتی کۆمەڵە لەمبارەیەوە و هاوکاریەکانی داهاتوو، درایە بەر باس.

٤ - لە باسی چالاکیی حیزبیدا، کۆنگرەی یازدەیەمی کۆمەڵە لە باسەکانی کۆبوونەوەی پلۆنۆم بوو. لەم باسەدا لەسەر پێویستیی بەڕێوەبردنی کۆنگرەیەکی سیاسی کە گرینگترین بابەتەکانی پەیوەندیدار بە بزووتنەوە لێکبداتەوە و هاوکات یەك ڕیزی و پتەوتربوون و چاکسازیی تەشکیلاتیی پێویستی لێ بکەوێتەوە، پێداگری کرا. دیاریکردنی کاتی بەڕیوەچوونی کۆنگرەی یازدەیەم و هەڵبژاردنی کۆمیسیۆنێك بۆ کاری چڕ و پڕ لەسەر ئامادەکاریی سیاسی و بەکردەوە بۆ کۆنگرە، لە ئەنجامەکانی ئەم بەشە لە پلۆنۆم بوو.

٥ - کاروباری ڕێبەرایەتیی کۆمەڵە یەکێکیتر لە باسەکانی پلۆنۆم بوو. لەم باسەدا پێشکەوتنە سیاسیە بەرچاوەکانی کۆمەڵە لە ماوەی ڕابردوودا و پەرەسەندنی سیاسیی ڕوو لە گەشە لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا، هەنگاوەکانی مەیدانە جۆراوجۆرەکانی چالاکی و کاریگەریەکانی چالاکی و سیاسەتەکانی کۆمەڵە لەسەر هەموو گوتاری سیاسیی کۆمەڵگای کوردستان و ڕەوتی خەباتی جەماوەر و ئەوەی کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر وەك حیزبی جێمتمانەی کۆمەڵانی خەڵك بۆ ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کوردستان دەردەکەوێ، وەبیر هێنرایەوە و لە هەمان حاڵدا و کەم و کورتیەکانی ڕێکخستن و شێوازی کاری حیزبی و لەوانە لە ڕێبەرایەتیدا، بە ئاشکرا ڕەخنەی

لێگیرا و جەخت کرایەوە کە ئەم هۆکارانە لەگەڵ پێشکەوتنە سیاسیەکانمان و پێداویستیەکانی بزووتنەوە ناگونجێ و پێویستە چاکسازی تێدا بکرێت. بابەتەکانی پەیوەندیدار بە باشترکردنی کارەکان و رێکخستنی کۆمیتەی ناوەندی، لە پتەوترکردنی حیزبیەت و پرەنسیپە حیزبیەکان و پاراستنی یەك ریزیی سیاسی و تەشکیلاتی هەتا پێویستیی ئامادەبوونی زیاتر و چڕوپڕتری کۆمیتەی ناوەندی لە کوردستان و دابین کردنی بەشداریی چالاکانەتری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە چالاکیە جۆراوجۆرەکانی ڕبەرایەتیدا و هەروەها دامەزراندنی دیالۆگ و نزیکایەتیی زیاتری کۆمیتەی ناوەندی لەگەڵ ئەندامان و کادرەکان، بە ئاشکرا و هەستی بەرپرسایەتیەوە باسی لێکرا. سەرقاڵبوونی ئاشکرا بە تاوتوێ کردنی کەموکوڕیەکان و گرفتەکانی کار، لە فەزایەکی هاوڕێیانە و نیشاندانی خواست و بەڵێندەرایەتی گشتی بۆ نەهێشتنی ئەم کەموکورتیانە، یەکدڵیی پتەوتر و زیاتر و بڕوابەخۆیی گشتی و گەشبینی بە هەموان بەخشی.

٦ - کاری کەناڵی فەزایی رۆژهەڵات تیڤی، یەکێکی‌تر لە باسەکانی پلۆنۆم بوو کە تێیدا وێڕای ئاماژە بە دەوری پۆزەتیڤ و گرینگی ئەم دەزگایە لە فەزای سیاسیی کوردستان و ئێراندا، لەسەر باشترکردن و چاکسازیی هەرچی زیاتری کاری ئەم میدیایە و هەروەها هەوڵ بۆ دابین کردنی پێداویستی و ئیمکانات بۆ پەرەپێدانی، پێداگری لەسەر کرا.

٨ - لە کۆتایی پلۆنۆمدا، هەڵبژاردن و کۆمەڵێك دابەشکاریی ئەرکە پێویستەکان بەڕێوەچوو و هاوڕێ عەبدوڵا موهتەدی بە کۆی دەنگ، وەك سکرتێری گشتیی کۆمەڵە هەڵبژێردرایەوە.

**کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**١٢ی خەرمانانی ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی**

3سێپتامبری 2006

---


www.komala.org

Email: Komala1348@hotmail.com
Tel: **(0044704)3150289**
Tel: **(0044704)3160752**
Mobile: **009647701405134**
Fax: **00447043140449**